# کەرکوك و پرۆژەی رۆژ هەڵاتی ناوەڕاستی گەورە

**مەهدی کاکەیی**

ئەگەر بڕوانینە هەڵکەوتنی شوێنی کەرکوك لە مێژوی هاوچەرخدا ، ئەوە کێشی جیوپۆلەتیکی ئەم شارە چەند کۆسپ و ئاستەنگی گرنگی تێدا تێبینی دەکرێت کە لە گەڵ داڕشتنی پلانی بازاڕی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بۆ ناوچەکە پێشنیار کراوە ناگونجێ ، چونکە دروست کردنی بلۆکبەندی ئابوری ناوچەیی کە یەکێکە لەسەرەکترین سیماو روخسارەکانی سیستەمی نوێی جیهان بەرقەرار بوونی ئاشتی و ئاسایشە لەناوچەکە .

وە گرنگترین ئەو کۆسپ و ئاستەنگانە کە لە شاری کەرکوك رێگرن لە پێش پرۆژەی پێشنیار کراو بریتین لە :-

کێشەی هەرێمی کوردستان بەشاری کەرکوکەوە وەکو یەك یەکەی جوگرافی و مێژوویی لەرووی یاسایی و سیاسیەوە لەعێراقدا یەکلا نەکراوەتەوە .

بوونی کێشەی فرە نەتەوەیی و فرە ئاینی و فرە مەزهەبی لەشارەکە .

بەکار نەهێنانی داهاتی شارەکە بەتایبەتی نەوتی خاو بۆ خزمەتی خەڵکی شارەکە .

تێکچوونی ژێرخانی شارەکە .

بازاڕی شاری کەرکوك بازاڕێکی بەکاربەرە جگە لە داهاتی نەوتی خاوو گازی سروشتی و چەند بەروبومێکی کشت و کاڵی نەبێت .

بەبێ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەو ئاستەنگانە محاڵە پلانی بازاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتە دی چونکە بۆ وەدیهێنانی بازاڕێکی ئازادو نەهێشتنی گومرك لەسەر کاڵاکان کە هەردوو رێکخراوی بازرگانی جیهان و بانکی نێودەوڵەتی لە هەوڵی بەردەوامن بۆ جێبەجێ کردنیان ، دەبێت چەندین بنەمای سەرەکی سیستەمی نوێی جیهانی لەبار بن بۆ سەرخستنی پلانەکە ، هەر لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و چارەسەرکردنی کێشەی سنورو هەژاری و دواکەوتوی و نەخوێندەواری و کێشەی کەمینەکان و ئاوو ژینگە ... هتد . پاش لکاندنی ولایەتی موسڵ لەساڵی ١٩٢٥ بەیکجارەکی بەدەوڵەتی عێراقەوە ، ئیدی ئەم وڵاتە ئێستاشی لەگەڵدا بێت هیچ سەقامگیرو ئاسایشی تێدا بەرقەرار نەبووە ، چونکە دروستکردنی ئەم وڵاتە لە ژێر ململانێی نێودەوڵەتی و پاڵە پەستۆو بەبێ ئیرادەی خەڵکەکەی دروست کرا ، بەڵام پاش پرۆسەی ئازادی عێراق هەر وەکو نەخشەی بۆ داڕێژراوە ئەم ئازادیە سەرەتایەك دەبێت بۆ دروستکردنی بازاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، بۆیە ناوچەکە وا دەخوازێ کە کێشە و گرێ کوێرەکان کە نزیکەی هەشتا ساڵە بەردەوامە چارەسەر بکرێت کە کرۆکی ئەم کێشانە لەشاری کەرکوکە .

بنەماکانی یەکلاکردنەوەی کێشەکان دەکرێ لەم خاڵانەی لای خوارەوە چڕ بکرێتەوە . ١- شاری کەرکوك لەرووی جوگرافی و مێژووی و سروشتەوە یەکەیەکی دانەبڕاوە لەهەرێمی کوردستان ، دەسەڵاتدارانی ناوەندی عێراق هەردەم ویستویانە لێکترازانێك لەهەرێمەکە دروست بکەن ، بۆیە خستنە سەری کەرکوك بۆ سەر هەرێمەکە وەکو مافێکی سروشتی ئەم شارە بەبێ زەمانەت و دەستوری هەمیشەیی عێراق تەنها رێگایەکە بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتی لەعێراق بەگشتی .

٢- پێکهاتەی شاری کەرکوك فرە نەتەوەو فرە ئاینی و فرە مەزهەبە وە لە سیماو روخسارەکانی سیستەمی نوێی جیهانی پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و پێکەوە ژیانە ، بۆیە هەر نەتەوەیەك یان خاوەن ئاینێك یان خاوەن مەزهەبێك مافی خۆیانە مومارەسەی بۆنە تایبەتمەندیەکانی خۆیان بکەن ، بەڵام لەرووی دەسەڵاتی تایبەتمەندیەکانی خۆیان بکەن ، بەڵام لەرووی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریەوەی دەکرێت هەر یەکەو بەپێ قەبارەو کێشی خۆیان بەشدار بن لەبەرێوەبەردنی شارەکە ئەمەش تەنها بە ئەنجامدانی ئامارێکی وورد دێتە کایەوە ..

٣- گومان لەوەدا نیە کە نەوتی خاوو هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ لکاندنی هەرێمی کوردستان بەدەوڵەتی عێراقەوە ، دەسەڵاتدارانی عێراق هەردەم بەناوی ناوەندێتی ویستویانە ئەم شارە بەخاك و خەڵکەوە کۆنترۆڵ بکەن وەلەم پێناوەدا دەیان تاوانیان دەرهەق بەم شارە ئەنجام داوە .

بەڵام کورد و بزوتنەوەی رزگاری خوازەکەی هیچ سازشیان لەسەر ئەم شارە نەکردوە بەتایبەتی بارزانی نەمر هەردەم داهاتی ئەم کەرەستە خاوە دژ بە خەڵکی و ئەم شارە بەکار هێنراوە و هیچ پرۆژەیەکی بەرهەمهێنەر لەم شارە دروست نەکراوە بۆیە پاش پرۆسەی ئازادی دەبێت داهاتی نەوتی ئەم شارە بۆ بونیاتنانەوە و بوژاندنەوەو پێشکەوتنی شارەکە بەکاربێت ئەمەش یەپێی یاساو رێکخستنەوەی سەرجەم داهاتەکان دەبێت .

٤- لەگەڵ بوونی ئەو هەموو سامان و کەرەستە خاوەی کە لەشاری کەرکوك هەیە ، بەڵام باری ئابوری شارەکە تووشی داڕمانێکی تەواو هاتووە لەئەنجامی سیاسەتە رەگەزپەرستانەکانی رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق ، ٥٠- ٧٠٪ یەدەکی نەوتی عێراق لەشاری کەرکوك دایە جگە لەوەی پانتایەکی زۆری زەوی بەپیتی کشت وکاڵی هەیە ، بەڵام ئەم شارە هیچ کۆمپانیایەکی پیشەسازی بەرهەمهێنەری تێدا نیە جگە لەوەی سەدان دێهاتی دەوروبەری شارەکە تێکدراوەو تووشی دواکەوتوی کشت و کاڵی هاتووە وە لەهەمان کاتدا هەڵکەوتنی شوێنی شارەکە لەرووی بارزگانیەوە لەئاستی ناوخۆدا پێگەیەکی باشی هەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەمشدا زۆرینەی دانشتوانەکەی بێ کارو یان لەکاری خزمەتگوزاریدان ، بۆیە ئەم شارە تەنها بەکار بەرە بۆ کاڵا پیشەسازیەکان و بەرهەمی کۆمپانیا فرە رەگەزەکان ، بۆیە دەبێت لە پلانی نوێدا هاوکێشەکان بەتایبەتی لەرووی ئابوری و بوژاندنەوەی ژێرخانی شارەکە بەو ئاراستەیە بێت کە کەرکوك ببێتە نمونەی شارستانیەت و بازاڕێکی نوێی بەرهەمهێنەر لە عێراق و ناوچەکە .

کەرکوك لەناو هاوکێشەی پلانی رۆژهەڵاتی گەورە پێگەیەکی تایبەتی هەیە بەڵام محاڵە ئەم پلانە سەر بگرێ گەر سەرجەم کێشەکانی ئەم شارە یەکلا نەکرێتەوە کە لەگەڵ خواستی هەرێم و دانیشتوانەکەی بگونجێ ، بەمەش زەمینە لەبار دەبێت بۆ جێبەجێ کردنی بنەماکانی سیستەمی نوێی جیهانی و دروستبوونی بلۆکبەندی ئابوری ناوچەیی کە کەرکوك دەبێتە بەشێکی گرنگ لەسەنتەری ئەو بازارە نوێیە کە نەخشەی بۆ داڕێژراوە ، وەکار بۆ جێبەجێ کردن دەکرێت لەلایەن رێکخراوی بازرگانی جیهان و بانکی نێودەوڵەتی بۆ کردنەوەی بازاڕی نوێ لەبەردەم کۆمپانیا فرە رەگەزەکان و یەکلا کردنەوەی کاڵاکانیان

## ڕۆڵی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان- لقی کەرکوك لەکۆکردنەوەو رێکخستنی هونەرمەندان

## ١ - ٢

**وشیار ئەحمەد ئەسوەد**

لەتەواوی کوردستاندا کەرکووکییەکان بەوە ناسراون کە خەڵکێکی شۆڕشگێڕو هەناسە درێژ و خۆڕاگر بووە ، ئەمەش هی ئەوەیە و دەهێنێ شانازیی پێوە بکەین ، لەو هەڵوێستانەشدا ئەوە دەگەیینێ کە زۆرترین ئەشکەنجەو مەحروومیەت کەوتۆتە بەر ئەو شارەو خەڵکەکەی و بەتایبەتیش کورد لە کەرکووکدا ..

دوای ساڵەهایەکی دوورو درێژ لە ژێر دەستەیی و فشارێکی زۆر لە لایەن رژێمی رووخاوی بەعسەوە بۆ سەر خەڵکی ئەم شارەو هونەرمەندانیش بەتایبەتی ، کە مەبەستمە لەم نووسینەدا بەچەند ئاماژەیەك رۆشنایی بخەمە سەر ، گرفتی گەورەو ئاستەنگی زۆر هەبوو ، هەر بۆیە هونەرمەندان لەم شارەدا تواناکانیان خەفە کرابوو و رێی داهێنانیان لێ گیرابوو ، ئەمەش هۆکارێکی فرە کاریگەر بوو کە هونەرمەندانی کەرکوك دەنگیان ئەگاتە دەرەوەی شارەکەو لەبۆتەی ئەو زوڵم و زۆرو فشارەدا نەچنە دەرەوە کە لەوێوە ئاستەنگەکان زەقتر دەکەوتنە بەر دیدەمان .. ئەگەرنا ، ئەوا هونەرمەندانی کەرکوك ژمارەیەکی زۆریان لەتوانا گەورەکانن لەسەر هەموو کوردستان نەك تەنها کەرکوك ..

وەك بەڵگەیش دەکرێ ئاماژە بەچەند ناوێك بکەین کە کاتێك کەرکوکیان بەجێهێشتووە و لەئازادیدا کاری هونەرییان کردووە ، هی ئەوەیە شانازی بەکارەکانیانەوە بکەن وەك هونەرمەندان ( د . فازل جاف - مەهدی ئومێد - سەلمان فایق کاکەیی - دلێر حەمە شەریف - گرفتار کاکەیی - تاریق کارێزی - حەمە رەووف کەرکوکی - شکور خەیات - مەحمود گلی ) و زۆری دیکە ، کەواتە لەلای خەڵکی ئێمە تواناکان حزووریان هەیە ، بەڵام لەلایەن بەعسەوە خەفەکراوون ، ئەگەر هەندیکیش دوورتر بگەڕێنەوە ، دەکرێ تیپەکانی سۆلاف و کەرکوك و هەروەها هونەرمەندانی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی / لقی کەرکوك بکەینە نمونەو بەڵگەی راستییەکان. لێرە بەدواوە بەرەوای دەبینم بەچەند ئاماژەیەك بگەڕێنەوە سەر کاتی دامەزراندنی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان / لقی کەرکوك لە مانگی ٦ی ساڵی ٢٠٠٠ داو هەوڵەکانی بۆ کۆکردنەوەو رێکخستنی هونەرمەندانی کەرکوك و پشتگیری کردنیان .

لەیەکەمین کۆنگرەی هونەرمەندان بۆ دامەزراندنی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لە ٢٠٠٠/٣/٣١ دا ، یەك لەشانازییەکانی ئێمەی هونەرمەندان ، ئامادەبوونی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی بوو کەشەرەفێکی گەورە بوو بۆ هونەرمەندان ، هەر لەوێشەوە بەپەیامەکەی بەرێزیان ئاسوودەییەکی زۆر کەوتە دڵی هونەرمەندانەوە بەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێ پشتگیری و هاوکاری هونەرمەندان بکات .

هونەرمەندانی ( کەرکوك - گەرمیان )یش دوای دروستبوونی لقەکەیان و کردنەوەی بارەگای لق لە پایتەختی کوردستاندا ، زۆرترین ئەرکیان لەکارە ئیدارییەکاندا بوو کە ئەویش خۆی لە رێکخستن و کۆکردنەوەی هونەرمەنداندا دێتەوە. بۆ ئەوەی ئەم لایەنەیان جێبهێڵم و بەنووسینەکانی داهاتووی بسپێرم ، لێرەشەوە دێمە سەر قۆناغی ئازادی و رزگار کردنی کەرکوك کە پێم وایە گرنگی ئەم بابەتە لەوێوە دەست پێدەکات.

# پرۆسەی بەعەرەبکردن لە کەرکووك

**ئاکۆ خالد احمد**

لەوکاتەوەی کە رژێمی بەعسی رووخاو لەساڵی ١٩٦٨ دەسەڵاتی گرتە دەست لە کۆماری عێراق کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لەو وڵاتە .

وەکو کارێکی سەرەتایی یان ئەنجامدانی پرۆسەیەکی داڕێژراوی توندی بەعەرەب کردن ( تعریب ) بوو لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە کەرکوك و دەوروبەری بەئاستێ کە باری جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و رەسەنایەتی ئەو شارە تێك دەن لەهەموو روویەکەوە . گۆڕانکارییەك دروست بکەن بەئەنجامدانی ئەو خاڵانەی خوارەوە :- جێبەجێ کردنی پرۆسەی تعریب لە کەرکوك و دەوروبەری بە هێنانی عەرەبی ناوەڕاست و خواروی عێراق بۆ کەرکوك و دەرکردنی کوردی شارەکە بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و باشوری عێراق . دابڕاندنی قەزاو ناحیەکانی کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن لە پارێزگای کەرکوك بۆ سەر پارێزگاکانی تر و گۆڕینی ناوی پارێزگای کەرکوك بۆ (( التأمیم )) . دەرکردن و گواستنەوەی گشت ئەندازیارو پسپۆڕو کارمەندو کرێکارانی کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك و گشت دامەزراوە حکومیەکان بە شێوەیەك کە کوردی تێدا نەمێنێت . نەهێشتنی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و گواستنەوەی مامۆستاکان بۆ شارەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق بەشێوەیەك خوێندن بەزمانی عەرەبی بێت لە گشت پارێزگای کەرکوك . گۆڕینی ناوو سیمای گەڕەکە کوردنشینەکان بە ناوی عەرەبی وەکو رەحیم ئاوا بۆ حی الأندلس و شۆریجە بۆ القدس ... هتد و کردنەوەو دروست کردنی شەقامی گەورە لەناوەڕاستی گەڕەکە کوردنشینەکان بە تێکدان وێران کردنی هەزاران خانوو و ماڵ .

گشت دامەزراوە حکومیەکان لەرۆژئاوای خاصە دانا بەواتا گشت گەڕەکە کوردییەکان دووربن لەو دامەزراوانە و دانەنانی تارفیك (( لایت ))ی هاتووچۆی لەگشت شەقامەکانی گەڕەکەکانی کورد نشین و چاك نەکردنیان. رووخاندنی سینەما ( خەیام ) کە لە رۆژهەڵاتی خاصە بوو تێکدانی فلکەی بەرامبەر سینەماکە کە کات ژمێرێکی گەورەی لێ بوو بۆ زانینی کات . تێکدان و رووخاندنی هەموو گوندە کورد نشینەکانی سەربە پارێزگای کەرکوك و دەرکردنی دانیشتوانی بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی پرۆسەی ئەنفالە بەد ناوو تێکدانی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی خەڵکە و ئەنفال کردنی بەشێکیان . بەکورتی لەم هەشت خاڵەی سەرەوە ، پرۆسەی تەعریب دیاری کراوە بەڵام پێچەوانەو بەرهەنگار بوونەوەی ئەو پرۆسە شۆڤێنیە کارێکی زیاتری دەوێت و میکانزمێکی شارستانی و یاسایی پێویستە تا کۆتایی و شکست هێنان پێی . دیارە تا ئێستا نە ئەنجومەنی حوکم و CPA و پارێزگای کەرکوك خۆی ئامادە نەکردووە بۆ کۆتایی هێنان بە پرۆسەی تەعریب . بەڵام ئەگەر هەروا بمێنێتەوە بەبێ چارەسەری . کارەکە قوڵترو زەحمەت دەبێت و توانایەکی مادی و معنوی زیاتری دەوێت بەهەڵواسراوی مانەوەی تەعریب سلبیاتی زیاتر دەبێت لەهەموو روویەکەوە.

## گەڕانەوە بۆ شاری کەرکووك..... پاشماوە

کە ئەو سیاسەتەی رژێمی پێشوو دژی کورد پیادەی کردووە بەمانای ووشە سیاسەتی جینۆساید بووە ، ئەمەش لە شاڵاوە دڕندەکانی کیمیا باران و ئەنفال و ڕاگواستن و توانەوەی نەتەوەییدا رەنگیداوەتەوە ئەمەش روو بەروو بوونەوەیەکی تەواوی هەموو جۆرەکانی جینۆسایدە بە کۆ کوژی جەستەیی و تا دەگاتە رۆشنبیری .

یاسای گشتی نێو دەوڵەتیش ئەو کارانە بە ئاواتێکی نێودەوڵەتی دادەنێن کە ئامانجی کاولکردنی ژیانی کۆمەڵگا بووە .

بەحوکمی ئەوەی کە میللەتی کورد بەدرێژایی ژیانی نەوەی پێش ئێستاش وە لەگەڵ نەوەی ئێستاش لەگەڵدا بێت لەگەڵ یەکەم چاو هەڵهێنانیان لەناو ئەو بارودۆخە ژیاون لەگەڵ زوڵم و زۆر و دەرکردن لە جێگاو رێگای خۆیان ئاوارەکردنیان بەشارو شارۆچکەکانی باشووری عێراق ئەنفال کردن و کیمیا بارانی کردنیان ، جا بۆیە ئێستا هەموو میللەتی کورد لەسیاسەتی وڵاتی زلهێزەکان تێگەیشتوون تەنانەت تازە لاوە پێگەیشتووەکانمانیش زۆر گفتوگۆ دەکەن دەڵێن باشە ئەو کاتەی رژێمی عێراقی رووخاو کوردستانی کیمیاباران دەکردو گوندەکانی کوردستانی وێران دەکرد خەڵکی کوردی ئەنفال دەکرد ئایا وڵاتە زلهێزەکان بۆ تەنانەت پرۆتستۆیانش نەدەکردوە وەکو باس کردن باسیان نەدەکردو وڵاتە ئیسلامیەکانی دەوروبەر ئەوە هەر باس ناکەین چونکە خۆیان بوون هاوکاری رژێمی گۆڕبەگۆڕیان دەکرد بە ئەنفال کردن و لەناودانی کورد ، وە لە هەمان کاتدا دەپرسن دەڵێن باشە کێ بووە هاوکاری رژێمی عێراق لەناوچووی دەکرد بۆ بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی و بایلۆژی وە هەر خۆیان دەڵێن هەر ئەم وڵاتانە بوون کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتانە بووە .

کە ئێستا فرمێسکی تیمساحیمان بۆ دەرێژن هاوکاری رژێمی عێراقیان دەکرد و لەکاتی بەکارهێنانی ئەو چەکانە دژی کورد پەردە پۆشیان دەکرد نوزەیان لێوە نەدەهات .

ئەمرۆ کە کاریان بەصدام و دارو دەستەکەی نەما ئەوا جا بۆیە بڕیاریان دا کە رژێمەکەی لەناو بدەن و لە ٢٠٠٣/٤/٩ دوای شەڕێکی ٢٢رۆژی لە ژێر پرۆسەی ئازادی عێراق بەهاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، عێراق ئازاد کرا هەرچەندە هاوپەیمانان دواتر لە ژێر بڕیارێك خۆیان بە وڵاتانی داگیر کەری عێراق داناوە تاکو ئێستاش پەیمانیان داوە لە ٢٠٠٤/٦/٣٠ حوکمی عێراق تەسلیم بە عێراقیەکان بکەنەوە و بەلای ئێمەوە گرنگ فیدراڵیەتەکەی خۆمانە و بەڵام گرنگتر لەوە فیدراڵیەتە کە بەکەرکووکی دڵی کوردستانەوە بێت وە بەپێ ئەو خاڵانەی کە لەدەستوری عێراقی کاتی باسی لێوەکراوە دەبێ ئێمە وەکو میللەتی کورد هەموو هەوڵێکی خۆمان بخەینە گڕ بۆ ئەوەی ئیسپاتی بکەین کە کەرکوك شارێکی کوردستانیە هەرچەندە بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی ئەو وڵاتانەی کە هەر لە مێژە کوردستانیان داگیرکردووە و بەش بەشیان کردووە بەسەر خۆیاندا دەڵێن کەرکوك شارێکی کوردیەو سێ بەشی کورد بووە بەپێی قاموس اعلامی تورکی کە نوسەرەکەی شمس الدین سامی لەساڵی ١٨٩٦ هاتووتە کوردستان دەڵێ ٧٥٪ کەرکوك کوردە خۆیان داگیرکەری کوردستان بوونە بەڵام بەپێی ئەو رێکەوتنەی کە لە دەستوری کاتی عێراق هاتووە دەبێ هەموو هەوڵ و کۆششی خۆمان بخەینە گڕ تاکو ٢٠٠٤/١٢/٣١ کە دوا مۆڵەت دەبێ بۆ ئەوەی ئێمە کاری خۆمان بکەین لەسەر کەرکوك جا بۆیە پێویستە .

یەکەم : هەموو ئەو ئاوارانەی کە هەر لە سەرەتای ساڵەکانی شەستەوە تاکو ئازاد کردنی کەرکوك لە کەرکوك دەرکراون بگەڕێنەوە کەرکوك کە بەبێ گومان ئەو استفتایەی کە دەکرێ لەسەر کەرکوك بۆ ئەوەی شاری کەرکوك بخرێتەوە سەر فدراڵیەتی کوردستان بەسەر پەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ. هەرچەندە ئاشکرایە کە هەموو ئەو ئاوارانەی کە لە کەرکوك دەرکراون تاکو ئێستاش ( ناسنامەکەیان ، رەگەز نامەی عێراقیان ئاشکرای دەکات کە کەرکوکین ).

دووەم : ئەو سەندیکاو کۆمەڵەو رێکخراو ناوەندە رۆشنبیرییانەی کە لە ناوچە ئازادکراوەکان دروست بووەنە بەناوی کەرکوکەوە پێویستە بەزووترین کات بگەڕێتەوە شاری کەرکوك بۆ خزمەت کردنی شاری کەرکوك و جەماوەری شاری کەرکوك چونکە شاری وەکو کەرکوك بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ کاری لەسەری کردووە بەهەموو شێوەیەك ئێستا دەبێ بەهەموو لایەك هەوڵ بدەین ئاسەواری ئەو کردەوانەی ( بەعس ) پاك بکەینەوە منداڵی کورد هزر رۆشن بکەین .

سێیەم : ئەو بارودۆخەو زوڵم و زۆرەی کە بەسەر میللەتی کوردا هاتووە لەشاری کەرکوك خەڵکێکی زۆر پەرتەوازەی وڵاتانی ئەوروپا بوون وەتاکو ئێستاش لەبەر بارودۆخی عێراق نەگەڕاونەتەوە بۆ کوردستان ، بەڵام پێویستە ئێستا هەر کەسێ لەوان کە لە ئەوروپادان بەزووترین کات لە کەرکوك خانوویەك بکڕن لەو عەرەبە هاوردانەی کە دەیانەوێ بگەڕێنەوەو هەر دەبێ بگەڕێنەوە بۆ شوێنی هاوردەی خۆیان جا بۆیە دەبێ هەوڵ بدەین ناسنامەی کەرکوك وەربگرینەوە وە پاکی بکەینەوەو ئەمرۆ کاتی گەڕانەوەیە ( دووژمن پێی خۆش بێ یان پێ ناخۆش بێ دەگەڕێمەوە بۆ کوردستانەکەم دەگەڕێمەوە بۆ کەرکوکەکەم ).